# عێراق

## پلانی کاری نیشتمانی

**بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارە 1325**

**ئافرەت و ئاشتی و ئاسایش**

**2014 - 2018**

**ڕەشنووسی کۆتایی**

## ناوەڕۆک


ناوەڕۆک ............ 1

1. پێشەکی ............ 3
2. پرۆسە ئاشتیەکان لە عێراق و بەشداری ژنان تیادا ............ 5
3. کاریگەریەکانی ململانێ چەکداریەکان و داگیرکاری لەسەر ژنان ............ 6
4. بڕگە یاسایی و سیاسی و دەستووریەکان دەربارەی ژن و ئاشتی و ئاسایش ............ 7

4.1 بڕگە دەستووریەکان ............ 7

4.2 بڕگە یاساییەکان ............ 7

4.3 سیاسەت و ستراتیژ و پلانەکانی کار ............ 10

5. پلانی کاری نیشتمانی ............ 11

5.1 بەشداریکردنی ژنان لە پرۆسەکانی بڕیارداندا ............ 11

5.2 پاراستن و ئاسایش و قەدەغەکردن ............ 11

5.3 بەرەو پێشبردنی مافەکانی ژنان ............ 12

5.4 توواناسازی ئابووری و کۆمەڵایەتی ............ 12

5.5 یاسا دەرکردن و جێبەجێکردنیان ............ 13

6. جێبەجێکردنی پلانی کاری نیشتمانی ............ 14

6.1 ئامانجی گشتی ............ 14

6.2 ئامانجە تایبەتیەکان ............ 14

6.3 بنەما سەرەکیەکان ............ 15

7. ئامادەکاری دامەزراوەیی بۆ جێبەجێکردنی پلانی کاری نیشتمانی ............ 17
8. ئامادەکردنی سەرچاوەکان و چاودێری و هەڵسەنگاندن ............ 17
9. بودجە ............ 18
10. پاشکۆ پلانی کاری نیشتمانی 1325 لەگەل چوارچێوەی 6 بنەماکە ............ 18

حکومەتی فیدراڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەندبوونی خۆیان ڕاگەیاندووە بۆ ئەنجامدانی هەموو چالاکیەك بەمەبەستی بەهێزکردنی ڕۆڵی ژن لە کۆمەڵگەدا. جێبەجێکردنی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان ژمارە 1325 (2000) دەربارەی ژن و ئاشتی و ئاسایش بەشێکی گرینگە لەو پابەندبوونە. پلانی کاری نیشتمانی دروستکراوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە بەمەبەستی بەدەموەچوون بۆ پێداویستیەکان و بەرژەوەندیەکانی ژن لە عێراق و هەرێمی کوردستان. پلانەکە ئامادەکراوە بە هاوکاری وەزارەتی کاروباری ژنان و وەزارەتی ناوەخۆ و وەزارەتی بەرگری لە بەغدا و وەزارەتی ناوەخۆ و ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان لە کوردستان. دەستپێشخەری 1325 بۆ پلانی کاری نیشتمانی عێراقی (دەستپێشخەری I-NAP 1325) پێکدێت لە کۆمەڵێك لە ڕیکخراوەکانی ژنانی عێراقی و کوردستانی لەسەرتاسەری وولات.

ئەم پلانە ئیرادەی سیاسی هەردوو حکومەت نیشاندەدا بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ژنان بەمەبەستی سوود گەیاندن بە هەموو ژنانی وولات. ئەم پلانە بەشێکە لە جوهدی حکومەت بۆ بە ئەنجام گەیاندنی سەقامگیری هەرێمی و پیادەکردنی ئاشتی و دادپەروەری. حکومەتی فیدڕاڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەندن بە چڕکردنەوەی کارەکانیان بۆ زیاتر بەشداری پێکردنی ژنان لە پرۆسەکانی بڕیاردان و پاراستنی ژنان و ئاساییکردنەوەی ژنانی ستەملێکراو و هەموارکردنی یاسا جیاکاریەکان لە دژی ژن بە مەبەستی بەهێزکردن و پیادەکردنی یەکسانی جەندەری لەسەر ئاستی عێراق و هەرێم و جیهان.

## 1. پێشەکی

باوەڕی ئێمە ئەوەیە کە مافەکانی مرۆڤ دەبێت ڕێزی لێبگیرێت و پاڵپشتی بکرێت و جێبەجێ بکرێت بۆ هەمووان بە یەکسانی بە بێ هیچ جیاکاریەك لەسەر بنەمای جەندەر و زمان و ئایین و ئایدۆلۆژی و باوەڕ. لەبەر ئەوە هەر پێشێلکاریەك لەو مافانە, یان پشتگوێ خستنیان یان بەکاری هێنانی توندووتیژ دژی ژنان, ناگونجێ لەگەڵ بنەما و بەهاکانی یەکسانی و کۆمەڵگە دەخاتە مەترسی و توانای ژیانی تێدا نامێنێت و ناتوانێت گەشە بکات. ئەم جۆرە پێشێلکاریانە دەبێتە هۆی چەوساندنەوەو مەحرومکردنی ژنان لە شکۆ و ماف و ئازادیە کەسیەکانیان. لەبەرئەوە کۆمەڵگەو حکومەت دەبێت پێکەوە قەدەغەو ئیدانەی ئەو پێشێلکاریانە بکەن بەهەر ڕێگایەك بێت, جا لەنێو خێزان بێت یان کۆمەڵگە.

بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان ژمارە 1325 دەربارەی ژن و ئاشتی و ئاسایش دەرکرا لە ئۆکتۆبەری ساڵی 2000 بۆ کۆتاییهێنان بە هەموو پێشێلکاریەکان لە دژی ژنان لە کات و لە دوای جەنگ و ململانێ چەکداریەکان بە گونجان لەگەڵ ڕێککەوتنامەکانی تری نێودەوڵەتی مافەکانی ژنان و جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ. ژنان دەبێت بپارێزرێن لە هەر پێشێلکاریەك لە دژی مافەکانیان و دەبێت دەرفەتیان پێبدرێت بۆ ئەوەی بەشداری بکەن لەهەر پرۆسەیەکی بڕیاردان کە کاریگەری دەبێت لەسەر ژیانیان.

ئێمە باوەڕمان وایە کە کۆمەڵگەی عێراقی نوێ پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و خێزانیەکان ڕێکدەخاتەوە و پاراستنی مافەکانی ژن مسۆگەردەکات. بەشداریکردنی ژنان لە دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی سەلامەت کە تیایدا هەموو پێکەوە بە ئاشتی و ئاسایشی بژیێن و بەرقەراری دادپەروەری و یەکسانی بکەن, ئەو کۆمەڵگەیە دەتوانێت یاسا و سیستەمەکان بە پێوەری جیهانی بکات و خەونی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ بەدیهێنانی مافەکانی ژنان بهێنێتە دی.

کۆمەڵگە مرۆییەکان ناتوانن ئامانجەکانی خۆیان بۆ پەرەپێدان و پێشکەوتن بهێننە دی ئەگەر هاتوو نیوەی ئەندامانی ڕووبەڕووی جیاکاری ببێتەوە. کاتێك کە مرۆڤەکان مەحروم دەکرێن لە ئازادی ئەوا شەرعیەت و شکۆ و ئیرادە لەدەست دەدەن. بابەتی یەکسانی نێوان ژن و پیاو بابەتێکی گرینگ و جیانەکراوەیە لە پەرەپێدان و گەشەسەندنی کۆمەڵگە بە گشتی. تواناسازکردنی ژنان و پاڵپشتی کردنی بەشداریکردنیان لە هەموو کایە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیەکان خۆی لە خۆیدا ئامانجێکی مرۆیی ڕێزلێگیراوە لە جیهانی ئەمڕۆماندا. ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و دەستەبەرکردنی یەکسانی ئاماژەیەکی گرینگی پێشکەوتنی کۆمەڵگەیە, دەوڵەت و کۆمەڵگاکان بە شێوازێکی ئاسوودەتر و ئارامتر ژیان بەڕێدەکەن ئەگەرهاتوو هەموو تاکەکانی ماف و دەرفەتی یەکسانیان هەبێت. کۆمەڵگەی عێراقی وە بەشێوەیەکی تایبەتیش ژنانی عێراق ئازارێکی زۆریان چەشت دوابەدوای ئەو جەنگ و ئابلۆقە ئابووریانەی کە ڕووبەڕووی عێراق بووبوەوە, هەموو ئەمانە کاریگەریەکی زۆریان هەبوو لەسەر ژن و جێبەجێ نەبوونی مافەکانیان. ئەگەر هاتوو دەرگاش واڵا بکرێت بۆ بەشداری ژنان و یەکسانی ئەوا

واقیعی و حقیقی نابێت ئەگەر هاتوو دیدگا و ستراتیژیەکی ڕوونی نەبێت و لایەنێکی ڕەسمی کاری جێبەجێکردنەکەی لەخۆنەگرێت. تەوەری کارکردن دەبێت دیموکراسی و دادپەروەری و یەکسانی و ڕێزگرتن بێت لە مافەکانی ژنان بۆ ئەوەی سیستەمی دروستی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و تەندروستی دابین بکەین و بەشداری ژنان مسۆگەربکەین و پەرە بەگەشەی ئاشتیخوازانەی کۆمەڵگە بدەین لە چوارچێوەی سیستەمێکی ئابووری و سیاسیدا.

پەیوەندیەکی پتەو هەیە لەنێوان تواناسازکردنی ژنان بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی سەربەخۆیانە ڕۆڵە کۆمەڵایەتیەکانی خۆیان ببینن لەگەڵ دابینکردنی ئاسایشی تاکەکانی کۆمەڵگە. لەبەر ئەوە گرینگە ژنان بەشداربن لە هەموو ئەو کارانەی کە پەیوەندی هەیە بە ئاشتی و ئاسایش لە کاتی قەیران و کاتی دوای ململانێ چەکداریەکان لەسەر ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتی. بەشداریکردنی ژنان لەوجۆرە کارانە جەختکردنەوەیە لەو ڕاستیەی کە ژنان هاوبەشن نەک تەنها قوربانین لەم پرۆسانەدا.

ئامانجەکانی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان ژمارە 1325 تایبەت بە بەشداری ژنان لە پرۆسەکانی پاراستنی ئاشتی و چارەسەرکردنی ململانێکان لە هەموو ئاستەکان, گرینگی دەدات بە بۆچوونی ژنان لە ڕێککەوتنامەکانی ئاشتی و  کاریگەری ململانێکان لەسەر ژنان و پاراستنی ژنان لە خراپ بەکارهێنانی سێکسی و بە تاوانناساندنی ئەو کارە. هەرچەندە تاڕادەیەك ئەمانە ڕەچاوکراون بەڵام هێشتا زۆر ماوە ئەنجامبدرێت. لەبەرئەوە هێشتا لایەنێکی تری گرینگی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە ماوە ئەوویش بریتیە لە یەکخستنی تواناکان بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکە لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی.

بە هەستکردن بەم پێویستیە, لیژنەیەکی باڵای هەمە سەکتەر بۆ دروستکردنی پلانی کاری نیشتمانی پێکهێنرا لە نوێنەرانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانانی حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوەکانی ژنان. کۆبوونەوەو وۆرکشۆپ و ڕاوێژکاری لەسەر ئاستی نیشتمانی ئەنجامدرا بۆ دەستنیشانکردنی ئامانجە ستراتیژیەکان و چالاکیە دیاریکراوەکان و ئەنجامە پێشبینیکراوەکان و ئاماژەکان و لایەنی بەرپرس بۆ جێبەجێکردنیان و کاتی تەرخانکراو بۆ جێبەجێکردنی پلانەکە. هەموو لایەك گەیشتن بە ئیرادەیەك بۆ بەرەوپێشبردنی ئاشتی و ئاسایش لە عێراق لە ڕێگەی بەشداری کارای ژن لە پرۆسەکانی بنیاتنان و پەرەپێدانی کۆمەڵگە.

دروستکردنی پلانێکی کار بۆ ژن و ئاشتی و ئاسایش و جێبەجێکردنی پلانەکە یەکەم هەنگاوە بۆ پیادەکردنی بڕیارەکە لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتیەوە.

پلانی کاری نیشتمانی هەندێ بەرنامەو چالاکی و پرۆژە لەخۆ دەگرێت کە مەبەست تیایدا جێبەجێکردنی ئامانجە ستراتیژیەکانە. پلانەکە هەروەها شتی تر لەخۆدەگرێت وەکو دابین کردنی سەرچاوەکان و چاودێریکردنی

خەرجکردنی بودجەو هاندانی پاڵپشتی ناوەخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی. ئەزموونە نێوخۆیی نێودەوڵەتیەکان پێمان دەڵێن کە ڕۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنی زۆر گرینگە لە بەرزکردنەوەی توانای ژنان و دەستنیشانکردنی بەربەستەکان و دیزاینکردنی ستراتیژیەکان وەهەروەها دەبن بە هێزی فشار لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان و چاودێری ئەدایان دەکەن. لەبەرئەوە ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی ژنان زۆر بە هەند سەیردەکرێت لە جێبەجێکردنی ئەم پلانی کاری نیشتمانیە.

## 2. پرۆسە ئاشتیەکان لە عێراق و بەشداری ژنان تیادا

ژنانی عێراق ڕۆڵێکی گرینگیان بینی لە کاتی جەنگ و داڕوخانی پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکاندا. زۆر زەحمەتیان کێشا بۆ ئەوەی بارە کۆمەڵایەتیەکە ڕابگرن و بەردەوامی پێ بدەن. کەچی ئێستاکە لەمپەر و تەگەرەیان دەخرێتە بەردەم و مافی تەواوی خۆیان پێنادرێت بۆ ئەوەی پۆستی باڵا وەربگرن و دووریان دەخەنەوە لە بابەتە نیشتیمانیەکان بە بیانۆی ئەوەی کە ئەمە کاری پیاوانە, هەرچەندە کە ژنان لە عێراق زوو خزانە نێو پرۆسەکانی بنیاتنان و پەرەپێدان و دروستکردنی ئایندەی دەوڵەت, وەهەروەها ڕۆڵی گرینگیان گێڕاوە بۆ پاراستنی شکۆ و یەکخستنی دەوڵەت و قوربانیدان بۆ پاراستنی کۆمەڵگەو خێزان بە شێوەیەکی خۆبەخشانە.

ژنان زۆر بە جۆش و خرۆشەوە بەشداریان کردووە لە بزووتنەوە سیاسیەکان بۆ کارکردن بەرەو بنیاتنان و بەهێزکردنی دیموکراسی لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتیدا لە ساڵی 2003ەوە. ژنانی عێراق توانیویانە بگەن بە دەسەڵاتی یاسادانان - لە ڕێگەی هۆکارە نێودەوڵەتیەکانەوە - بەڵام هێشتا ئەگەری بەشداری ژنان لە دانووستانەکان و کۆبوونەوە گرینگەکانی دەوڵەت یەکلا نەکراوەتەوە. ئاماژەکان بۆ بەشداری کردنی ژنان لە پێگە سەرکردایەتیەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە دابەزین دایە کە ڕەنگدانەوەی ناسکی پرۆسە دیموکراسیەکەیە: ژنان توانیان 6 وەزیریان هەبێت لە یەکەم حکومەتی ئینتیقالی, کە هیچیان پۆستی سیادی نەبوون. ئەوکات ڕێژەی ژنان لە ئەنجوومەنی وەزیران ٪11 بوو لە ئەنجوومەنی نیشتمانی ٪32 بوو وەهەروەها لەکۆی 55 ئەندامی لیژنەی نووسینەوەی دەستوور تەنها 9 یان ژن بوون.

کە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق هەڵبژێردرا لە 2005 , 74 ئەندامیان ژن بوون کە ڕێژەی ٪25.8 بوو, بەڵام کە لیژنەی هەموارکردنەوەی دەستوور پێکهێنرا تەنها 2 ئەندامیان ژن بوو لە کۆی 27 ئەندام, واتە ٪7. پاشەکشێ ی بەشداریکردنی کردنی ژنان لە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن زۆر بەرچاو بوو کە تەنها 4 وەزیر ژن بوون و دواتر بوو بە 3 دوای ئەوەی وەزیری کاروباری ژنان پاشەکشێ ی کرد. لە هەڵبژاردنی 2010 ڕێژەی نوێنەرایەتی ژنان گەیشت بە ٪25 بەڵام بەشداریان لە سەروك لیژنەکان و پێگە سەرەکیەکانی نێو دەسەڵاتی یاسادان سنووردارە. لە دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش بە تەواوی پاشەکشێ ی کرد بۆ تەنها یەك وەزیری ژن ئەویش بۆ وەزارەتی کاروباری ژنان. وەهەروەها یەکسانی جەندەری بەدیناکرێت لە پۆستی سەرۆك زانکۆکان و ڕێکخراوە ناحکومیەکان.

له کوردستان بارودۆخەکە باشتر بووە سەبارەت بە ڕێژەی نوێنەرایەتی کردنی ژنان لە دەسەڵاتی یاسادانان کە ٪30 بووە.

بەشداری کردنی ژنان ئاماژەیە بۆ دیموکراسی و ئازادی سیاسی لە کۆمەڵگە, وەهەروەها ئاماژەشە بۆ ئەو ئازادیە کۆمەڵایەتیەی کە دەدرێت بە ژن بۆ ئەوەی بەشداربێت و ڕۆڵی خۆی ببینێت وەکو ئەوەی پێویستە.

## 3. کاریگەریەکانی ململانێ چەکداریەکان و داگیرکاری لەسەر ژنان

ژنان بارودۆخیان زۆر سەختە لەکاتی جەنگدا. سەرەڕای ئەوەی کە دەبنە قوربانی ڕاستەوخۆی جەنگ, ئەرك و بەرپرسیارەتی تریشیان دەبێت. بەڕێوەبردنی ماڵ لەکاتی جەنگدا کارێکی زۆر سەختە بە تایبەتی کاتێك مێردی یان کەسێکی ئازیزی خێزانەکەی لەدەست دەدات یان خێزانەکە ڕووبەڕووی بارودۆخێکی دارایی زۆر سەخت دەبێتەوە. بەوهۆیەی کە عێراق کۆمەڵگەیەکی پیاو سالاریە, لەکاتی نەبوونی پیاو لە نێو خێزاندا, ئەوا ژنەکە پاڵپشتی ئابووری و کۆمەڵایەتی و فیزیکی لەدەست دەدات. سەرەڕای ئەو بارودۆخە خراپەی ئابووری و کۆمەڵایەتی ژنان, "پەیوەندی ژن و جەندەر بە شێوەیەکی تایبەتی تر بەرەو خراپتر چوو لە ئەنجامی ئابلۆقە ئابووریەکانی سەر عێراق (1990 - 2003) هەروەها دوای 2003یش لە ئەنجامی ئەو توندوتیژیەی دەگوزەری لە عێراق".

جەنگی عێراق, وەکو هەموو ئەو جەنگانەی تر کە ڕوویداوە لە بەشی دووەمی سەدەی بیستەم, کارەساتەکەی تەنها لەبەرەکانی پێشەوەی جەنگەکە نەبوو, بەڵکو کاریگەری نەرێنی خۆی هەبووە لەسەر سیستەمەکانی ژیان و نۆرمە کۆمەڵایەتیەکان کە بەتایبەتی سەخت بووە بۆ ژنان, جا چ وەکو تاکە کەس بووبێت یان وەکو ڕۆڵە کۆمەڵایەتیەکە. لە ڕاستیدا جەنگە درێژخایەنەکانی عێراق کۆمەڵگەی عێراقیان بە چەند شێوازێك گۆڕیوە نەك تەنها لە ڕووە ئابووریەکەیەوە.

دەست درێژی سێکسی بەشێك بووە لەو مەترسیانەی کە ڕووبەڕووی ژنانی عێراقی بووەتەوە لە ململانێ چەکداریەکاندا. لەو کۆمەڵگە تەقلیدیەی عێراق, قوربانی سێکسی دووجار ڕووبەڕووی شۆك دەبێتەوە: کە بریتین لە دستدرێژیەکە خۆی و ئەو عەیبە و شەرمەزاریە کۆمەڵایەتیەش کە دوابە دوای خۆی دا دەهێنێت.

توێژەران هەروەها باس لەو ڕاستیەش دەکەن کە توندوتیژی خێزانی زیاتر دەبێت دوای ململانێ چەکداریەکان, کە وادەکات ژنان بەجۆرێکی تر ببن بە قوربانی جەنگ. توندوتیژی دژی ژنان ئەمڕۆ لە زیادبووندایە بە هۆی کۆمەڵێك لە فاکتەر کە بەشێوازی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندی هەیە بە جەنگ.

## 4. برگە یاسایی و سیاسی و دەستووریەکان دەربارەی ژن و ئاشتی و ئاسایش

### 4.1 برگە دەستووریەکان

دەستووری عێراقی 2005 هەر لە دیباجەکەیدا ئاماژە بە گرینگیدان بە مافەکانی ژنان و کێشەکانی منالّ دەکات و داوای بلاّوکردنەوەی کەلتووری جۆراوجۆرێتی دەکات. لە ماددەی 14 دا باس لە یەکسانی لە بەرامبەر یاسا دەکات بە بێ هیچ جۆرە جیاکاریەك لەسەر بنەمای ڕەگەز, وە ئەو ڕاستیەش دەردەخات کە ڕەگەزنامەی عێراقی دەدرێت بەهەر منالێك کە لەباوکێك یان دایکێکی عێراقی بووبێت (ماددەی 2/18). ماددەی 20 ئاماژە بەوە دەکات کە هاووڵانیانی عێراقی پیاو و ژن مافی بەشداریکردن لەکاروبارە سیاسی و گشتیەکانیان هەیە و مافی سیاسیان بە یەکسانی پێدەدرێت وەکو مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتن بۆ هەڵبژاردنەکان. ماددەی 2/29 پاراستنی دایکان و منالاّن و بەتەمەنەکانی زامن کردووە هەروەها بڕگەی 4 لەهەمان ماددە هەموو جۆرەکانی توندوتیژی و چەوساندنەوەی قەدەغەکردووە لەنێو خێزان و قوتابخانەو کۆمەڵگە. ماددەی 1/30 دڵنیایی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و ئاسایشی زامنکردووە بۆ تاك و خێزان بەتایبەتیش ژن و منالّ هەروەها پێداویستیە سەرەکیەکانی ژیانێکی ئاسایی و شەرەفمەندانە کە خۆی دەبینێتەوە لە دابین کردنی داهات و شوێنی نیشتەجێ. ماددەی 3/37 قەدەغەی بەندایەتی و بازرگانی کردن بە بەندەو ژن و منالّ و سێکس کردووە.

ماددەی 4/49 ئاماژە بەوە دەکات کە ئامانجی یاسای هەڵبژاردن ئەوەیە کە نوێنەرایەتی ژنان نابێت کەمتر بێت لە چارەگی ژمارەی ئەندام پەرلەمانەکان.

بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا ماددەی 41ی عێراق باس لەوە دەکات کە عێراقیەکان سەربەستن لە کاروبارەکانی باری کەسی بە پێی ئایین و تایفەو باروەڕ و هەڵبژاردنی خۆیان دەبێت. ئەمەش بەمانای بەتالّ کردنەوەی هەموو ئەو بڕگە یاساییانە دێت کە جێبەجێ دەبێت بۆ باری کەسی عێراقی و یاسای ئایین و تایفی جێی دەگرێتەوە.

دەستوور بە ڕوونی ئاماژە بە پێویستی دەرکردنی هەندێ یاسای گرینگ دەکات بۆ ڕێکخستن و تەواو کردنی هەندێك بابەت وەکو ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی میدیاو دروست کردنی گرووپ و کۆمەڵەو خۆپیشاندانی ئاشتیانەو ئازادی دروست کردنی ڕیکخراو و حیزبی سیاسی. هەروەها قەدەغەی توندوو تیژی و چەوساندنەوە دەکات لە مالّ و شوێنی کار و قوتابخانە. بەڵام ئەم یاسایانە تاکو ئێستا دەرنەکراون, هەرچەندە زۆر گرینگە کە ئێستا فشاربکرێت بۆ دەرچوونی هەندێك لەم یاسایانە بەتایبەتی یاسای دروستکردنی حیزبی سیاسی کە لەوێوە مەرجی ڕێژەی نوێنەرایەتی ژنان دەستنیشانبکرێت.

## 4.2 بڕگە یاساییەکان

هەندێك هەنگاوی یاسایی بەمەبەستی بە هێزکردنی بەشداری ژنان پەسەنکراوە لەلایەن حکومەتەوە. یاسای قەدەغەکردنی بازرگانی پەسەندکراوە لەگەل پێکهێنانی لیژنەیەك لەچەند وەزارەتێك لەسەر ئاستی حکومەتی فیدڕال بۆ جێبەجێکردنی یاسای 2012 تایبەت بە "قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی تیرۆر و شەهیدەکانی پۆلیس و

سوپا". ئەو یاسایەی ڕێگە بە ژنان دەدات کە لە خزمەتگوزاری ئاسایش کاربکەن "وەزارەتی ناوەخۆ و بەشی هەواڵگری" پەسەندکراوە. هەروەها پلانی کاری وەزارەتی ژینگە جێبەجێکراوە سەبارەت بە پاککردنەوەی ناوچەکانی جەنگ لە مین. ئێستا بابەتی گۆڕینی گرتوخانەکان لە گفتوگۆدایە بۆ ئەوەی بگۆڕدرین بە گرتوخانەی مۆدێرن بۆ ژنان و پیاوان. وە هەروەها لەسەر ئاستی لۆکال دەستپێشخەری هەیە بۆ بەرزرکردنەوەی ووشیاری سەبارەت بە بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان ژمارە 1325.

بەڵام جیاکاری لەنێو یاساکان هێشتا هەربوونی هەیە. سیستەمی یاسایی عێراقی کار بە چەند بڕگەیەکی جیاکاری دەکات لە دژی ژن, بەتایبەتی لە بواری سزادانیدا. یاسای کارپێکراوی سزادانی عێراقی ماف دەدات بە مێرد بۆ (تأدیب) کردنی خێزانەکەی (ژنەکەی) هەروەکو بەشێك لە مافی پیاو. ماددەی 41 لە یاساکە دەڵێت " کارەکە بەتاوان دانانرێت و بە یاسایی هەژماردەکرێت, چونکە ئەو مافە بە یاسا دراوە: وەکو تأدیبکردنی مێرد بۆ ژنەکەی, تأدیبکردنی دایك و باوك, مامۆستا, خەڵکی هاوشێوە بۆ منالّ لە میانەی ئەو چوارچێوەی شەریعەت و یاسا و عورف بۆی داناوە" ئەمە ڕێگای بە مێردەکان داوە کە هێرش بەرنە سەر ژنەکانیان و لێیان بدەن و هەموو جۆرە توندووتیژیەك بەکاربهێنن لە ژێرپەردەی تأدیب کردن لە چوارچێوەی شەریعەت و عورف, تەنها لە هەرێمی کوردستان نەبێت کە ئەم ماددەیە هەموارکراوە لە 2001.

یاساکە سزای ژن دەدات بۆ زیناکردن لە هەر شوێنێك ئەنجامی دابێت, بەڵام سزای مێرد دەدات تەنها ئەگەر پیاوەکە ئەم تاوانەی ئەنجام دابێت لەنێو ماڵی هاوسەرگیری. ئەمە بە پێی ماددەی 377 لە یاسای سزادانی عێراقی.

هەروەها یاساکە (تحریض) کردنی مێرد بۆ ژنەکەی بۆ ئەنجامدانی زینا بە تاوان ناناسێنی, تەنها ئەگەر ژنەکەی تاوانەکەی ئەنجامدا. بەو شێوەیە ژنەکە دەکەوێتە ژێر فشاری مێردەکەی بێ ئەوەی یاسا مێردەکە سزا بدات. هەروەها یاساکە هیچ بڕگەیەك لەخۆناگرێت سەبارەت بە تاوانناساندنی (تحریض)ی پیاو بۆ ئەو ژنانەی (مەحرەمانەی) کە نزیکن لە ئەو جگە لە هاوسەرەکەی بۆ ئەنجامدانی زینا. تەنانەت سزاکەی نەبەستۆتەوە بە لایەنی دارایشەوە کە لەوانەیە کاریگەریەکی تەنها ئابووری هەبێت.

ماددەی 398 باس لە پێویستی لەکارخستنی دەعوای قەزائی و ڕاگرتنی لێکۆڵینەوە دەکات لە دژی تۆمەتبار لە کەیسەکانی ئیغتیساب, سیکسی زۆرەملێ ی یەك ڕەگەزی و دەستدرێژی سێکسی, ئەگەر هاتوو کەیسەکە کۆتایی هات بە هاوسەرگیریەکی دروست لە نێوان ئەنجامدەری کارەکەو قوربانیەکە. بەو شێوەیە حوکمەکە دەوەستێنرێت و جێبەجێ ناکرێت و ڕێکارەکانی دەعوا قەزائیەکە دەوەستێت, تەنها ئەو کات دەست پێدەکاتەوە ئەگەر هاوسەرگیریەکە بە تەڵاق کۆتایی هات بە دەستپێشخەری مێردە تۆمەتبارەکە بە بێ هۆکارێکی یاسایی, یاخوود بە تەڵاقێك کە سەپێنرابێت لە لایەن دادگاوە بەهۆی هەلسوکەوتی خراپی مێردە تۆمەتبارەکە پێش ئەوەی 3 ساڵ تێپەڕبووبێت لە ڕاوەستاندنی ڕێکارەکان. ئەمەش مانای ئەوەیە کە یاسا ژنە قوربانیەکە وەکو دیاریەك دەدات بە

ئەنجامدەری تاوانەکە. یاساکە پاداشتی ئەنجامدەرەکە دەکات نەك سزا کە ئەمەش زیاتر هانی ئەنجامدانی تاوان و پێشێلکاری سەروەری یاسا دەکات و لۆژیکی یاسای سزایی ناهێڵێت, چونکە ئەمە ئەوپەڕی ناداتپەروەری کاتێك کە ژنە ئیغتیصابکراوەکە فڕێ دەدەیتە ماڵی ئەو کەسەی کە تاوانی لە دژی ئەنجامداوە و تووشی بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی زۆر ترسناك و ئاڵۆزی دەکەی, لە جیاتی ئەوەی بیپارێزی و ئاسایی بکەیتەوە و بیگەڕێنیتەوە نێو کۆمەڵگە.

یاسای سزادانی عێراقی سزای زۆر کەمکردۆتەوە بۆ تەنها دەستبەسەرکردن بۆ ماوەی 3 - 24 کاتژمێر بۆ ئەنجامدەرانی کوشتن بە هۆی شەرەفەوە. ئەگەر مێرد هاوسەرەکەی خۆی یان یەکێك لەمەحرەمەکانی بینی لە حالەتی زینا یان لە نێوجێگا لەگەل کەسێکی تر هەڵسا بە کوشتنی هەردووکیان یان یەکێکیان یان پەلاماری دان بە شێوەیەك بووە هۆی کوشتنی هەردووکیان یان یەکێکیان, یان پەکی خستن. ئەوا سزای ئەنجامدەری کوشتنەکە بەو شێوەیە سووك کراوە. ئەم بڕگە یاساییە وەکو کەرەسەیەکە بۆ هاندانی ئەم تاوانە ناشرینانە و بەردەوامی دان بە کوشتنی ژنان لەبەر هۆکاری کۆمەڵایەتی و زیاتر پابەندبوون بە عورف و تەقلیدە کۆن و خراپەکان, لەکاتێکدا کە یاسا دەبێت ڕووبەڕوویان بوەستێتەوە و کاربکات بۆ گۆڕینیان نەك زیاتر قبوولکردنیان و هاندانی خەلك بۆ پابەندبوون پێیانەوە.

سیستەمی قەزائی عێراقی بەردەوام پەنای بردۆتە بەر ئەو حوکمەی کە سزا سووك دەکرێت بۆ ئەنجامدەرانی تاوانی کوشتن و دەستدرێژی, ئەگەر مەبەست تیایدا "شووشتنەوەی ئابڕوو بێت" یان پاڵنەرێکی شەریفانەی هەبێت. سووك کردنی سزا بە هۆکاری شووشتنەوەی ئابڕوو پیادە دەکرێت لە سەر بنەمای ماددەکانی 128, 130 و 131 لە یاسای سزادانی عێراقی کە هۆکارن بۆ زیادبوونی ئەو جۆرە سزایانەو توندکردنی پێگە و بەهای نەریتە کۆمەڵایەتیەکان.

بڕگەی 2 لە ماددەی 4ی یاسای دژە تیرۆر ژمارە 13 ی ساڵی 2005 سزای گرتنی هەتا هەتایی داناوە بۆ ئەو کەسانەی کە بە ئەنقەست کاریکی تیرۆریستی دەشارنەوە یان تیرۆریستەك حەشاردەدەن. یاساکە بە شێوازێکی یەکسان سەیری بەتاواناناساندن و سزادانی ژن و پیاو دەکات بێ جیاوازی وە هەروەها ئەو کەسانەش کە نزیکن لە تۆمەتبار وەکو هاوسەرو خوشك و دایك و ...هتد مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت بە بێ جیاوازی بە پێچەوانەی یاسای سزادانی عێراقی کە جیاوازی دەکات.

یاسای سزادانی عێراقی هەراسانکردنی سێکسی بە تاوان لەقەلەم نادات تەنها لە شوێنی ئاشکرا نەبێت ئەویش هەموو جۆرەکانی ناگرێتەوە. یاسای ژمارە 71 ی ساڵی 1987 بابەتی هەراسانکردنی سێکسی لە شوێنی کار پشتگوێخستووە, وەهیچ جۆرە ڕێ و شوێنێکی بۆ دیاری نەکردووە بۆ قەدەغەکردنی یان مامەڵە لەگەڵ کردنی.

یاسای باری کەسی ژمارە 188 ساڵی 1959, هەرچەندە بە یاسایەکی پێشکەوتوو لەقەلەم دەدرێت بە بەراوورد لەگەڵ یاساکانی وولاتانی عەرەبی, هاوسەرگیری بە زۆر بە هاوسەرگیری تەواو دادەنێت (ماددەی 1/9), ڕێگە بە فرەژنی دەدات (مادده 5.6.7/3) وە هەروەها ڕێگە بە شوودانی کچانی خوار 18 ساڵ دەدات و ماف نادات بە ژن بۆ ئەوەی تەڵاقی خولع بەکاربهێنێت لە دژی مێردەکەی, بەتایبەتی ئەگەر ژنەکە هیچی تر نەیتوانی لەگەڵ ئەو پیاوە ژیان بەسەر ببات, وەکو ئەو یاسایانەی کە وولاتانی ناوچەکە هەیانە. وەهەروەها لای پیاو دەگرێت - لە حالەتی تەڵاقدانی ژنەکەی بە تەڵاقێکی رجعی - بۆ ئەوەی بەبێ ویستی ژنەکە, پیاوەکە بتوانێت بیگەڕێنێتەوەو بیکاتەوە بە ژنی خۆی (ماددەی1/30,8) لەگەل ئەوەشدا کە یاساکە ماڤ سەرپەرشتی کردنی منداڵ دەدات بە دایك (ماددەی 57), یاسای عێراقی هیچ ڕۆڵێك نادات بە دایکەکە لە بەخێوکردنی منداڵ (لە ولایە و وصایا) لە حالەتی بوونی باوك. باوك بە تەنها سەرپەرشتی منداڵە بچووکەکە دەکات, جا سەرپەرشتی کردنەکە پەوەندی هەبێت بە کەسی منداڵەکە , وەکو هاوسەرگیری بۆی, یان بە پارەو مولکی منداڵەکە, وەکو ئیدارەکردنی مولکەکانی ( ماددەی 27 لە یاسای ژمارە 78 ی ساڵی 1980ی هەموارکراو).

هەرێمی کوردستانی عێراق زۆر لەو بەندە جیاکاریانەی کە باسکران لەسەرەوە چارەسەرکردووە لە ڕێگەی دەرکردنی یاسای تایبەت بە خۆی. بەڵام یاسا فیدراڵیەکان لەسەر تاسەری عێراق کاری پێدەکرێت و نەگۆڕدراون.

هەرچەندە عێراق هەردوو ڕێککەوتنامەی نێودەوڵەتی سیداو و ماڤ منداڵانی واژوو کردووە بەڵام هیچ هەنگاوێکی نەهاوێشتووە بۆ جێبەجێکردنیان و هەڵگرتنی تەحەفوزاتەکان.

## 4.3 سیاسەت و ستراتیژ و پلانەکانی کار

لە عێراق دوو ستراتیژی هەیە کە چەند ساڵێکە قسەی لەسەر دەکرێت:

1. ستراتیژی بەرەنگاربوونەوەی توندووتیژی دژی ژنان (وەرگیراوەو پەسەنکراوە)
2. ستراتیژی بەرەوپێشبردنی ژنان (وەرگیراوە بەڵام تاکو ئێستا پەسەند نەکراوە)

ستراتیژی بەرەنگاربوونەوەی توندووتیژی دژی ژنان پەسەندکرا لە 2013 کەچی ستراتیژی بەرەوپێشبردنی ژنان هێشتا چاوەڕوانە. هەرچەندە هەردوو ستراتیژی بودجەیان نیە بۆ جێبەجێ کردنیان.

حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ستراتیژی بەرەنگاربوونەوەی توندووتیژی دژی ژنانی پەسەندکردووە و کاردەکات لەسەر ستراتیژی بەرەوپێشبردنی ژنان. بەڵام ئەویش هیچ بودجەیەك پێشنیار ناکات.

یاسای توندوتیژی خێزانی هەرێمی کوردستان لە زۆر لە ماددەکانی چارەسەری ماددەکانی 128, 141 و 377 دەکات لە یاسای سزادانی عێراقی و ماددەی 125 لە یاسای باری کەسی عێراقی.

بەو تێگەیشتنەوە  پلانی کاری نیشتمانی 1325 تەواوکەر دەبێت بۆ پلانەکانی تری حکومەت کە پێشتر دەستیان پێکراوە.

## 5. پلانی کاری نیشتمانی

### 5.1 بەشداریکردنی ژنان لە پرۆسەکانی بڕیارداندا

پلانی کاری نیشتمانی 1325 ستراتیژیەکانی تری عێراق و هەرێمی کوردستان تەواو دەکات بۆ گرتنەبەری ڕێو شوێنی تەواو بۆ مسۆگەرکردنی نوێنەرایەتی ڕێژەیی ژنان. سیستەمی کۆتا هەیە کە ڕێژەی ٪25 بۆ ژنان, بەڵام هێشتا ژنان دەناڵێنن بە دەست نادادپەروەری کۆمەڵایەتی چونکە بوونی ژنان زۆرکەمە یان هەرنیە لە سەنتەرەکانی بڕیاردان و دەسەڵاتەکانی جێبەجێ کردن و یاسادانان و دادوەری کە لەوێوە بڕیاری چارەنووس ساز دەردەچێت دەربارەی ژنان.

ژنان بوونیان نیە لە ئاسایش و میدیا و بینس. هەروەها ژنان بوونیان نەبووە لە هەموو لیژنەکانی ئاشتەوایی کە دروستکرابێت لەسەر ئاستی لۆکاڵی. لەسەر ئاستی مەدەنی, ژنان ڕۆڵیان سنووردارکراوە تەنها بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و گرووپە نافەرمیەکان. ئەگەر چەند ژنێکیش هەبن لە پۆستی باڵابن ئەوا لایەنگیریەکەیان زیاتر بۆ ئەو حیزبە یان گرووپە ئایینیە دەبێت کە نوێنەرایەتیان دەکەن نەك کارکردن بۆ ئاشتی. زۆر زەحمەتە بتوانن دەنگیان هەڵبڕن بۆ مافی ژنان. حیزبە سیاسیەکان سیاسەتی یەکسانی جەندەریان نیە بۆ دڵنیابوونەوە لە بەشداری کردنی ژنان لەحیزب بە تایبەتی لە ئاستە باڵاکانی حیزب. بە گشتی ناتێگەیشتنێکی تەواو هەیە سەبارەت بە گرینگی بەشداریکردنی ژنان لە داڕشتنی یاسا و سیایەت و بڕیاردانی سیاسی.

نوێنەرایەتیەکی ڕێژەیی وادەکات کە ئەدا و بەشداری ژن باشتر بێت لە ژیانی سیاسی و گشتیدا وە ڕێگە خۆش دەکات بۆ دانانی مافەکانی ژنان لە ئەجندا سیاسیەکاندا  و دواتریش یارمەتی بەشداری ژن دەدات لە بڕیارەکانی چارەسەرکردنی ململانێکان کە ئەمەش هەلی ڕێگەچارەی ئاشتیانە زیاتر دەکات, وەهەروەها ژن پێگەی شایستەی خۆی وەردەگرێت لە دانوستانەکاندا.

### 5.2 پاراستن و ئاسایش و قەدەغەکردن

توندوتیژی دژی ژنان و توندوتیژی سێکسی و بێدەنگ بوون لەسەری و ئەو عەیبەو شەرمەزاریە کۆمەڵایەتیەی کە دوابەدوای خۆی دادەهێنێت هەمووی بوونەتە بەربەست بۆ دابینکردنی ئاسایش بۆ ژنان و کچان و پاراستنیان لە توندوتیژی لەسەر بنەمای جەندەری. رزگاربوون لە سزا بۆ ئەو تاوانانەی کە ئەنجام دەدرێن دەرهەق بە ژنان و کچان لە کاتی جەنگ و ململانێ چەکداریەکان دەبێت زۆر بە جددی چارەسەری بۆ بدوزرێتەوە. چونکە ژنان و

کچان لەو کاتانەدا لە ترس و تۆقینێکی بەردەوامدا دەژیێن و ترسیان هەیە لە توندو تیژی و لەدەستدانی کەرامەتیان و بەهیچ شێوەیەك دەستیان ناگات بە دادپەروەری.

ئەگەرچی عێراق و کوردستان ستراتیژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژدژی ژنانیان پەسەندکردووە بەڵام هێشتا ڕێگایەکی دوور و درێژیان لەبەردەمدایە بۆ بەتاڵکردنەوەی ئەو یاسا جیاکاریانەی کە شەرعیەت دەدەن بەم کارانە. ئەو دەزگایانەی کە قوربانیانی توندوتیژی ڕووی تێدەکەن وەکو - نەخۆشخانە و پۆلیس و دادگاکان - پێویستیان بە زانیاری و ووشیاریە لەسەر کێشەکان و لەبەرئەوەیە زۆرجار قوربانیەکان مافەکانیان زیاتر پێشێل دەکرێت لەم شوێنانە. هەروەها لەبەرئەوەی بێ دەنگی و قبولکردنی تاوانەکان لە کۆمەڵگە بوونی هەیە, داتای جەندریمان نیە و هیچ ئامارێکی رەسمی حکومەتیش نیە بۆ ئەوەی قەبارەی حەقیقی کێشەکە پیشانبدات. دوای جەنگ ملیۆنەها ژن بوون بە بێوەژن کە لەوانەیە ڕووبەڕووی خراپ بەکارهێنانی سێکسی و بازرگانی پێکردن ببنەوە بێ ئەوەی دەستیان بگات بە دادوەری.

بوونی چەند شەلتەرێکی کەم بەس نیە بۆ ئەوەی خزمەتگوزاری تەواو بدرێت بە قوربانیەکان, وەهەروەها ئەو کارمەندانەش کە کار دەکەن لەو شەلتەرانە زانیاری سەرەتاییان نیە سەبارەت بە توندوتیژی لەسەربنەمای جەندەری. لەبەر ئەوەیە خزمەتگوزاریە پێشکەشکراوەکان بۆ قوربانیەکان کواڵتیان نزمە.

## 5.3 بەرەو پێشبردنی مافەکانی ژنان

بەرەو پێشبردنی مافەکانی ژنان لە عێراق و هەرێمی کوردستان پێویست بە بەشداری چەند سەکتەرو لایەنێکی جۆراوجۆر دەکات. هەروەها پێویست دەکات کە ڕێگایەکی هەمەلایەن پەیرەوبکرێت و کەناڵێکی پەیوەندی بەهێز هەبێت لە نێوان و وەزارەتە جیاوازەکان و دام و دەزگا پەیوەندارەکان بۆ ئەوەی بەهاوبەشی کاربکەن لەگەل ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافەکانی ژنان. زۆر پێویستە بەرنامەی برەودان بە ماف ژنانمان هەبێت بۆ ئەوەی دڵنیابینەوە کە ژن و پیاو بەیەکسانی دەستیان دەگات بە سەرچاوەکان و دەرفەتەکان لە کاتەکانی ئاساییکردنەوەی قوربانیەکان. پلانی کاری نیشتمانی پێشنیاری بەرنامەو چالاکی هەمەجۆر دەکات بە ئامانجی باشترکردنی نوێنەرایەتی کردن و بەشداریکردنی ژنان لە هەموو کایەکانی ژیان بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی لە دژی ژنان و کۆتایی هێنان بە دیاردەی رزگاربوونی ئەنجامدەرانی توندووتیژی لە سزا. وەهەروەها پلانەکە کاری گرینگی تر لەخۆ دەگرێت وەکو بەرزکردنەوەی ووشیاری و دروستکردنی تواناکان و بەرەنگاربوونەوەی جیاکاری جەندەری لە میدیا.

## 5.4 تواناسازی ئابووری و کۆمەڵایەتی

نەمانی تۆڕی ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە عێراق بە هۆی جەنگ و ئابلوقەی ئابووری و خراپ بوونی سەروەری یاسا کاری زۆری کردە سەر پێگەی ئابووری و کۆمەڵایەتی ژن لەو وولاتە. دەستووری عێراقی دەڵێت ژنان هەمان مافی پیاوانیان هەیە لە بەدەست هێنانی دەرفەتی کار بە بێ جیاکاری, بەڵام یاسا عێراقیەکان خۆیان جیاکاریان تێدایە, کە بژاردە ئابووریەکان لەبەردەم ژندا سنووردار دەکەن. ژنانی بەڕێوەبەرانی خێزان و ئەوانی تر لە ژنانی هەژار و بێکار و بێوەژن و ڕاگوێزراو هیچ سەرچاوەیەکی داراییان نیە وەکو بیمەی کۆمەڵایەتی و مووچەی خانەنشینی و ئازووقەی مانگانەی حکومەت. پلانی کاری نیشتمانی چاودەخشێنێتەوە بەو حالەتانەو سیاسەتی پاڵپشتیکردن دابین دەکات بۆ ئەو گرووپە لاوازانەی کۆمەڵگە.

هەندێ لە یاساکان (وەکو یاسای باری کەسی و یاسای سزادانی عێراقی) بەردەوامی دەدەن بەو وێنە نەمەتیەی ژن لە کۆمەڵگەو ڕێگە دەگرن لە بەشداریکردنی ژنان لە گەشەی ئابووری عێراق. زۆر لە ڕاپۆرتەکان باس لە زیادبوونی ژمارەی ژنانی بەڕێوەبەرانی خێزان دەکەن کە بارودۆخیان لە خراپبووندایە. ژنانی عێراق هێشتا دەستیان ناگات بەسەرچاوەکان بە هەمان شێوەی پیاو لەبەر ئەوە هەژاری بەستراوەتەوە بە ژنانی عێراقی.

## 5.5 یاسا دەرکردن و جێبەجێکردنیان

لابردنی بەندە جیاکاریەکانی دژی ژنان پێویستە بۆ دڵنیابوونەوە لە بەشداریکردنی ژنان لە ژیانی سیاسی و گشتیدا و ڕۆڵێکی گونجاو و مانادرایان پێ ببەخشین لە پێگەو پرۆسەکانی بڕیاردانداو مافەکانیان بەرەو پێشەوە ببەین و ڕۆڵە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکەیان بۆ بگێڕینەوە. ئەم چارەسەرە گونجاوانەی خوارەوە دەبێت لەبەرچاو بگیرێت بۆ ئەوەی سیستەمی یاسایی عێراقی چارەسەربکرێت:

- بەتاڵ کردنەوەی ماددەی 41ی دەستووری عێراقی و لابردنی لە چوارچێوەی هەموارکردنی نوێ بۆ دەستووری ساڵی 2005.
- خێرایی کردن لە دەرکردنی ئەو یاسایانەی کە دەستوور تەواو دەکەن, وەکو یاسای دروست کردنی حیزب و یاسای تۆڕی کۆمەڵایەتی و یاسای توندوتیژی خێزانی, لەگەل ڕەچاو کردنی بەشداری تەواوی ژنان لە ژیانی سیاسی و گشتیدا.
- دانانی کۆتا بە ٪30 بۆ نوێنەرایەتی ژنان لە هەموو پێگەکانی بڕیاردانداد.
- بەتاڵ کردنەوەی ماددەی 1/41 لە یاسای سزادانی عێراقی
- دانانی بەندێکی یاسایی بۆ قەدەغەکردنی دادگاکان لە سووك کردنی سزا بۆ ئەو کەسانەی کە تاوان ئەنجام دەدەن لە ژێر پەردەی شووشتنەوەی ئابڕوو, ئەوەی کە بە کوشتن بە هۆی شەرەف ناسراوە.

- بەتاڵکردنەوەی ماددەی 377 لە یاسای سزادانی عێراقی
- هەموارکردنەوەی ماددەی 380 لە یاسای سزادانی عێراقی بۆ بەتاوانناساندنی (تحريض) بۆ ئەنجامدانی زینا بێ چاوەڕوانکردن بۆ ئەوەی بزانین زیناکە ڕوودەدات یان نا. وەهەروەها مەودای تحريضةكة فراوان بکرێت بۆ ئەوەی مەحرەمەکانیش بگرێتەوە (دایك و خوشك و پلك و کچ) وەهەروەها سزایەکی توندتری بۆ دابنرێت و سزای داراییشی لەگەڵ بێت.
- بەتاڵکردنەوەی ماددەی 398 لە یاسای سزادانی عێراقی
- بەتاڵکردنەوەی ماددەی 409 لە یاسای سزادانی عێراقی
- لابردنی کەسانی نزیکی تۆمەتبار بە کاری تیرۆریستی لە سزادان بە تۆمەتی پێنەدانی زانیاری دەربارەی تۆمەتبارە تیرۆریستەکە. کەسانی نزیك بەتایبەتی دایك و هاوسەرو داپیر و خوشك.
- بە تاوانناساندنی هەراسانی سێکسی لە شوێنی کار وە ئیجبارکردنی خاوەنکارەکان بۆ ئەوەی ڕێوشوێنی تەواو بگرنە بەر بۆ قەدەغەکردنی.
- دانانی مەرج کە هاوسەرگیری بە زۆری نادروستە ئەگەر تەمەنیشیان تەواو بێت.
- قەدەغەکردنی تەواوی فرەژنی
- قەدەغەکردنی بە شوودانی کچانی خوارتەمەن 18 ساڵ وەهەروەها دانانی سزای توند بۆ ئەو هاوسەرگیریانەی دەکرێت لە دەرەوەی دادگا کە تەمەنیان لە خوار 18 ساڵە.
- پێدانی مافی تەلاقی خولع بە ژنان
- قەدەغەکردنی گەڕاندنەوەی ژنی تەلاق دراو بە شێوەی رەجعی بۆ مێردەکەی بەبێ ویستی خۆیان
- سەرپەرشتی کردنی مناڵ (وصایا و ولایا) ئەرك و بەرپرسیارەتی هەردووکیان بێت, دایك و باوك
- پێداچوونەوە بە یاسا عێراقیەکان لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتیانەی کە عێراق واژووی لەسەر کردووە. دەستنیشانی بۆشایی خاڵی جیاوازیان بکەین و یاسای نیشتمانی دەربکەین کە بگونجێت لەگەڵ ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتیەکان.

## 6. جێبەجێکردنی پلانی کاری نیشتمانی

### 6.1 ئامانجی گشتی

پلانی کاری نیشتمانی بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان ژمارە 1325 هەوڵدەدات دەستپێشخەری بکات بۆ دروست کردن و پاراستنی ئاشتی و ئاسایش لە عێراق لە ڕێگەی هاوبەشی کردن لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەسەڵاتی دادوەری بە ئامانجی گەیشتن بە یەکسانی لەنێوان پیاو ژن و دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە هەموو کایەکانی ژیان بۆ ئەوەی ڕێگە بە ژن بدرێت ڕۆڵی یەکسانی خۆی بگێرێت.

## 6.2 ئامانجە تایبەتیەکان

- زیادکردنی ڕێژەی بەشداری کردنی ژن لە پێگەکانی بڕیارداندا لەسەر ئاستی لۆکاڵی و نیشتمانی لە هەموو لیژنەکانی ئاشتەوایی و دانوستانەکانی دروستکردنی ئاشتی.
- زیادکردنی کۆتا کە کەمتر نەبێت لە ٪30 لە هەموو ئاستەکاندا؛ دەسەڵاتەکانی جێبەجێ کردن و یاسادانان و دادوەری و ئەنجوومەنە لۆکاڵیەکان وەکو بڕیاریکی ئیجباری بۆ ئەوەی ڕێگە بە ژن بدرێت رۆڵی خۆی بگێرێت لە پرۆسەکانی بڕیارداندا.
- گونجاندنی یاسا نیشتمانیەکان لەگەل پێوەرە نێودەوڵەتیەکان و میکانیزمەکانی مافی ژنان, وەکو بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان ژمارە 1325 , بەتال کردنەوەی یان هەموارکردنەوەی ئەو یاسایانەی کە پێشێلکاری مافی ژنانی تێدایە و دەرکردنی ئەو یاسایانەش کە ژنان دەپارێزێت.
- بەهێزکردنی توانای ژنان و ئاشناکردنیان بە مافەکانیانەوە
- پەیوەستکردنی جەندەر بە هەموو سیاسەت و پرۆسەکانی پەیوەندار بە قەدەغەکردن و چارەسەرکردنی ململانێ و دروستکردنی ئاشتی لە عێراق.
- هەوڵدان بۆ کۆتایی هێنان بە هەموو فۆرمێکی توندوتیژی دژی ژنان و دابین کردنی ئارامگە (شەلتەر) بۆ قوربانیەکان.

## 6.3 بنەما سەرەکیەکان

بۆ ئەوەی ئەم ئامانجانەی سەرەوە جێبەجێ ببێت, پلانەکە دارێژراوە لەسەر 6 بنەما کە ئەوانیش: بەشداریکردن, پاراستن و قەدەغەکردن, بلاوکردنەوەو ووشیاری, تواناسازی ئابووری و کۆمەلایەتی, یاسادانان و جێبەجێکردنیان, ئامادەکردن و وەگەڕخستنی سەرچاوەکان. هەر بنەمایەك ئامانجی خۆی و ئامانجە ستراتیژیەکانی لەگەڵدایە شانبەشانی چالاکی دیاریکراو و ئەنجامە پێشبینیکراوەکان و ئاماژەکان و لایەنی بەرپرس بۆ جێبەجێکردنی و کاتی تەرخران کراو بۆی. وەهەروەها بۆ هەرچالاکیەکیش بودجەی خۆی بۆ تەرخانکراوە. کەواتە بنەماکانی پلانەکە ئەمانەی خوارەوەن:

### بنەمای یەکەم: بەشداریکردن

ئامانجە گشتیەکەی ئەم بنەمایە بریتیە لە زیادکردنی کاریگەری مافەکانی ژنان لە دانوستانەکان و ئاشتی مەدەنی و بڕیاردانی سیاسی. ئەم بنەمایە دوو ئامانجی ستراتیژی لەخۆدەگرێت:

- دانانی میکانیزم بۆ مسۆگەرکردنی ڕێژەیەکی کاریگەری بەشداربوونی ژنان لە پێگەکانی بڕیارداندا ( دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەری) لە ئاستی نیشتمانی و لۆکاڵی.

- مسۆگەرکردنی ڕێژەیەکی کاریگەری بەشداربوونی ژنان لە هەموو لیژنەکانی ئاشتەوایی و دانوستانەکانی بنیاتنانی ئاشتی.

ئەم ئامانجانە بە 6 چالاکی دیاریکراو جێبەجێ دەبن

**بنەمای دووەم: پاراستن و قەدەغەکردن**

ئامانجە گشتیەکەی ئەم بنەمایە بریتیە لە چاککردنی باری ژیانی ژنان و دڵنیابوونەوە لەوەی کە دەستیان دەگات بە هەموو خزمەتگوزاری و مافەکانیان. ئامانجە ستراتیژیەکانی بریتین لە:

- لکاندنی مافەکانی ژنان بە سیستەمی دادوەری و ئاسایشەوە بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی دژی ژنان و کۆتایی هێنان بە دیاردەی رزگاربوونی تاوانباران لە سزادان.
- پاراستنی ژنان لە توندوتیژی لەسەر بنەمای جەندەری وەهەروەها یارمەتیدانی قوربانیان بە دووبارە ئاساییکردنەوەیان و تێکەڵکردنەوەیان بە کۆمەڵگە لە کات و لە دوای جەنگ و ململانێکاندا.

ئەم ئامانجانە بە 10 چالاکی دیاریکراو جێبەجێ دەبن

**بنەمای سێیەم: بڵاوکردنەوە و ووشیاری**

ئامانجە گشتیەکەی ئەم بنەمایە بریتیە لە پەیوەستکردنی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان ژمارە 1325 بە ئاستێکی نیشتمانیەوە. ئامانجە ستراتیژیەکانی بریتین لە:

- پەیوەستکردنی جەندەر بە هەموو سیاسەت و پرۆسەکانی پەیوەندار بە قەدەغەکردن و چارەسەرکردنی ململانێ و دروستکردنی ئاشتی لە عێراق.
- بڵاوکردنەوەی ووشیاری و بەرزکردنەوەی تواناکانی ژنان و ئاشناکردنیان بە مافەکانیان

ئەم ئامانجانە بە 8 چالاکی دیاریکراو جێبەجێ دەبن

**بنەمای چوارەم: تواناسازی ئابووری و کۆمەڵایەتی**

ئامانجە گشتیەکەی ئەم بنەمایە بریتیە لە: ژنان لە عێراق لە بارودۆخێکی ئابووری باشتر ژیان دەگوزەرێنن و زیاتر سەربەخۆن. ئەم بنەمایە تەنها یەك ئامانجی ستراتیژی هەیە:

- دلنیابوونەوە لەوەی کە ژنان و پیاوان بە یەکسانی دەستیان دەگات بە سەرچاوەکان و دەرفەتەکان لە قۆناغی ئینتیقالیدا.

ئەم ئامانجانە بە 8 چالاکی دیاریکراو جێبەجێ دەبن

**بنەمای پێنجەم: یاسادانان و جێبەجێکردنیان**

**ئامانجە گشتیەکەی ئەم بنەمایە بریتیە لە گونجاندنی یاسا نیشتمانیەکان لەگەل پێوەرە نێودەوڵەتیەکان و میکانیزمەکانی مافی ژنان, وەکو بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان ژمارە 1325 , بەتال کردنەوەی یان هەموارکردنەوەی ئەو یاسایانەی کە پێشێلکاری مافی ژنانی تێدایە و دەرکردنی ئەو یاسایانەش کە ژنان دەپارێزێت. ئامانجە ستراتیژیەکانی بریتین لە:**

- **ئەو یاسایانە پەسەندبکرێت کە ڕێز دەگرێت لە مافی مرۆڤی جیهانی بۆ پیاوان و ژنان**
- **کۆتایی هێنان بە دیاردەی رزگاربوونی تاوانباران لە سزادان و گەڕاندنەوەی سەروەری بۆ یاسا**

ئەم ئامانجانە بە 6 چالاکی دیاریکراو جێبەجێ دەبن

**بنەمای شەشەم: ئامادەکردن و وەگەڕخستنی سەرچاوەکان**

**ئامانجە گشتیەکەی ئەم بنەمایە بریتیە لە جێبەجێکردنی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان ژمارە 1325 و پاڵپشتی کردنی لایەنە پەیوەندارەکان و دەستپێشخەری I-NAP 1325 و چاودێریکردنی کارەکان. ئامانجە ستراتیژیەکانی بریتین لە:**

- **دروستکردنی ڕاپۆرتی شەفاف و ئەنجامدار و تەرخان کردنی فەند لە ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتی**
- **گەڕان بەدوای فەندی کۆنکریتی بۆ جێبەجێکردنی پلانی کاری نیشتمانی**

ئەم ئامانجانە بە 7 چالاکی دیاریکراو جێبەجێ دەبن

## 7. ئامادەکاری دامەزراوەیی بۆ جێبەجێکردنی پلانی کاری نیشتمانی

**لیژنەی باڵای پلانی کاری نیشتمانی 1325 بەرپرسە لە دانانی میکانیزم بە پێ ی پلانەکەو بودجەکەی بۆ هەماهەنگی جێبەجێکردنی پلانی کاری نیشتمانی لە ڕێگەی دروستکردن و پەسەندکردنی پێکهاتەیەکی نێوخۆیی کە ئەرك و بەرپرسیاریەتێکی ڕوونی هەبێت. هەروەها لیژنەکە بەرپرسە لە هەماهەنگی کردن و هاوکاری کردن لەسەر ئاستی سەکتەرە جۆراوجۆرەکان بۆ جێبەجێکردنی پلانی کاری نیشتمانی.**

## 8. ئامادەکردنی سەرچاوەکان و چاودێری و هەڵسەنگاندن

بەردەوامی شەڕ و توندەتیژیەکان لە عێراق کاریگەری خراپی هەبووە لەسەر ئابووری نیشتمانی و لاواز کردنی ئیدارەکردنی سەرچاوەکان کە خۆی لە خۆیدا بووەتە کێشەیەکی گەورە لەبەردەم چارەسەرکردنی ململانێکاندا. سەرچاوە ئابووریەکان دەبێت تەرخانبکرێت بۆ قەرەبووکردنەوەو چاککردنەوەی کاریگەریەکانی جەنگ. لەبەر ئەوە زۆر پێویستە سەرچاوەکان ئامادە بکرێن و رێکبخرێن بۆ چاکردنەوەی کاریگەری ململانێکان و کێشە کۆمەڵایەتیەکان. پلانی کاری نیشتمانی بودجەیەکی هەیە کە دەتوانێت سەرچاوەکان کۆبکاتەوەو وەگەڕی بخات لەسەر ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتی, چونکە زۆر بە ڕێکی بڕی خەملێنراوی تەرخان کردووە بۆ هەر چالاکیەك لە هەر بنەمایەك بۆ هەر ساڵێك. ئەم سەرچاوانە دەبێت ئیدارە بکرێن و ئامادە بکرێن و چاودێری بکرێن لە ڕێگەی پلانێکی تۆکمەی هەڵسەنگاندن و چاودێری (کە ووردەکاری پلانەکە دەبێت دواتر لە پێکهاتە ناوەکیەکە باس بکرێت).

بنەماکان پێشنیاری بەرنامەو چالاکی وا دەکەن کە دەستنیشانی پێداویستیە کۆنکریتیەکانی ژنان دەکەن. ئەم بەرنامەو چالاکیانە دەبێت جێبەجێ بکرێن لە ڕێگەی بەشداری پێکردنی ژنان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و گۆرانکاری کردن لە یاساکان و ڕێگەچارەی خۆویستانە لەلایەن هەردوو حکومەتی فیدڕاڵ و هەرێم.

## 9. بودجە

پاشکۆ: چوارچێوەی پلانی کاری نیشتمانی 1325 لەگەڵ 6 بنەماکە